


ئا: سەردار ئەسعەد

# سوقرات

## ٤٧٠-٣٩٩ پێش زاینی

ئەم فەیلەسوفە، لە شاری ئەسینای یۆنانی لە دایک بووە و هەر لەوێش ژیاوە. باوکی پەیکەرتاش بووە، دایکیشی مامان بووە، بەخۆشی پەیکەرتاشی کردووە.

سوقرات لە بوارەکانی ئەندازە و ئەستێرە ناسی و ژمێرە و سیاسەتدا شارەزابووە، مرۆڤێکی بێ فیز بووە و بە ساکاری و ئاساییەوە ژیاوە.

سوقرات لەگەڵ فەیلەسوفانی پێش خۆی جیاوازی هەبووە.، ئەگەر فەیلەسوفانی پێش ئەو فەلسەفەیان لە بۆتەی گەردوون ناسیدا خولاندبێتەوە.. ئەوا سوقرات فەلسەفەی لە بۆتەی خودی مرۆڤ و پێزانین و هەستەکانی مرۆڤدا خولاندۆتەوە.

سوقرات رێچکە و کاری فەلسەفیانەی خۆی لە رێگەی پرسیار و وەڵام ئەنجامداوە. واتە بە پرسیارکردن و وەڵام دەسگیربوون کارە فەلسەفیەکانی خۆی بەئەنجام ئەگەیاند.،